سێگۆشەکانی سەفەر

راوێژ هیرانی

{ وەك پێچانەوەی {با} لە گەڵایکدا
زەحمەتە بێ رەنگەکانت هەڵکەم
موسیبەتە .... لەم تۆفانە پێتۆڵەدا
دەست لە یەکتری بەردەین
کارەساتە لەم مەرگەدا.....
خۆێنمان لەیەکتری جیاکەنەوە!
دورتر بڕوانە ئەو رەنگانەی
مناڵێك یاریان پێدەکات
قوڵتر بروانە ئەو عەشقەی سەفەریش نایکوژێت! }

تۆ پیرانە گەیشتیە
ئەو گۆچانە سحرییەی
لە سەر باڵە قەقنەسیەکانی باران شکا
من لە دوای تەواوبونی ئەو گۆرانیانەی
لە کەرنە ڤاڵی پەرستگا تریفەییەکانی نەست
بۆ بە بەفر بونی جەستە مەستەکانی
کەنار تێکئاڵان دەوترێنەوە
دوای شکانی تێنوێتی بە راموسانی سەراب
دوای ئەو - با – یەی زەمەن بە فانۆس دەکا
دوای پیاسەکردنی ئەو پەپولانەی
باڵەکانیان بۆ نیشتنەوە دۆڕاند
دوای گیرۆدەکردنی زوبان
بە ئایەتەکانی لێو
لە سرودی شەرەکانی خاچ و ماچ

ئەی توحفەی چارەنوسی نادیار
ئەم ماچانەم نغرۆی ئەم شێتیە مەکە
ئەم کریستالی پەنجەیە
بەو ئەڵماسە...
تەقدیسی مەشکێنە
با فرمێسکی ئەو چاوە پڕ لە وەهمەی وەسیەت
بەسەرچەتری دراوی هەڵم
نەکا بە باران

لە ساتێ ... بەفرە ئاڵتونیەکانی ناو قەدەم
زەویەك شك نابا.. لە ئاگر
خەیاڵی ساردی بە قەترەیێ خوێن داپۆشێ
تا جوانتر بیر لە موتربەکردنی ئەو ساتە بابڕدەڵانە بکاتەوە
کە سەفەر پایزێکی پڕ لە رەنگبوو بۆ یان
لەوە دەچێ
ئەمجارە لەو بە هەشتە بە یەك بگەین
تیایدا دەماندی
چرا بێ توانەوە رونا بەخشەو
بێ دایك و بێ یاری منداڵ خۆشبەختن و
جەستە نابێ بە گۆچانی هیچ روحێك و
تەنیا پیربونێك... پیربونی ئەو ئێوارانەیە
کە ئێمە لە پەنجەرەکانەوە
حەسودیمان بە پیاسەی ئەو پەپولانە دەبرد
خەونیان بە گوڵێکەوە دەبینی
بە نهێنی ماچێکی بێ چاو نوقاندن بگۆرنەوە!

من هێشتا لەو سەفەرە پەمەییە حالی نەبوم
کە نۆتە جەنگەڵیەکانی تێرامان
کردیان بە ئاوسانی
ئەو پەپولە «سیسیل» ئاسایەی
بەر لە تێکئاڵانی بەو هەناسە تاریکە
بیری لە کازیوەیەکی نارنجی
نارنجی وەکو ئەو قەدەرە پڕ لە سێکسییەی
هیچ لە خاچدانێکی بە راموسان نەدەزانی و
بە ئاوێتە بونی نەدەوت فەنا...
دەبێ بەر لە تەواو بونی ئەنگۆرە
رۆح بە تاڵبێتەوە لە بە تاڵی
لەوە دەچێ
من لە شەپۆلی ئەو سەفەرانە هاتبم
ماسییە رەنگاورەنگەکانی ناو ئەو دارستانەی دەریا
فێری پەنجە کرۆشتن و
خەمە پرتەقاڵیەکانی کردبم
من لە سەفەری ئەو قامچیە ئاوریشمیانە
راهاتم لە دەستگەمەی وشە و
نەغمەی سەرابیترین خەون وەخۆ کەوم
ئەو سەفەرانەی بۆنی ئەو دەرمانمێشانەی لێدێت
کە پێشکە سەر سپیەکان

وەك عەترێ لەبن کەوشیان دەدا
بۆ ژوانی ئەو جەستەیەی
بۆ مشتێ خوێن نەدەئاوسا و
دەیگوت....
ترافیك لایتەکانی سەفەر هەمیشە پرتەقاڵین
کۆڵانەکانی هەرگیز پاك ناکرێتەوە
لەو گوڵانەی بەر لە پشکوتنیان پێیدەوتن_
چاو لە بەرزی ئەسپیندار بکەن و
گڵەیی لە پایزیش مەکەن
ئای سەفەر.. تۆ بەر لە سەفەر پێتدەوتین
سەفەر لەگەڵ ئەو باڵەخانانە سەختە
کە نازانن چەند ژوریان تێدایە
سەختترە لە کوژانەوەی سیگارە و
لە دابرانێکی سنۆبەری!
من لە تاریکی ناترسم
بە قەد ئەوەی پیاسەیەکی تەنیایی
لە شوستە قاتیلەکانی ئێرە بکەم
تۆ خەونێکی پڕ لە لەزەتی لەساتە ماسۆشییەکانی تەنیایی
من بە دابران ناڵێم
تۆ خۆ دۆزینەوەی کە شەڕ بە فنجانێ قاوە دەفرۆشێ
بەربونەوەی رەها دەخەیتە سەبەتەی دووکەڵ
مانای کوژانەوەی یەئس نیە
گەر ئێوارەکانی ئێرە
ساتە نیوە بەسەر چوەکانیم
پێنەکاتە تەبڵەیەکی تۆزێ بە تاڵ لەماچ
لەو سەفەرە... پڕ لە زندانییەدا
لەو پشبرکێیە... بێ دایلۆکەدا
لەو ماراسۆنە... قاچاغەدا
نە تێر ئیمزای رەهابون دەبم و
نە فێری زوبانی کلیل دەبی و
نە دەگەینە سنوری دەستهەڵبرین!
ئیتر چۆن گەرکتە بەر لە تەواو بونی سیگارەیەکەدا
دەستەمۆی دوکەڵە رەنگاورەنگەکان و
شەڕ بەو گڕیمانە مەرمەریانە بفرۆشی
کە بەرلە خنکاندا
زەخرەفەی سەرابێکی نزیکیان
لە بەر جەستەکردی
گێسك لە خەونە مناڵیەکانی سەفەر مەدە

سەفەرەکانی مناڵی پرە لە تانجی گۆرانی و
بە پایز بونی شەو
ئەو جەستانە ...لە پێکەنینی کازیوە دامەبرێنە
کە دەزانی ئاوێتەبون
کوشتنی ساتێکـی باڵاترە لە سەفەر
لەم شارە گێژەرییە
رۆحم نابێ بە دەریاوانێکی پر لە هەرا
جگەرە پیرەکانی مەیتەر وانان
بە سەرابیترین شەپۆل بسپێرێ
ئەم شارە پڕە لە هەڵچونی زەرد و
پەنجەی ئاوریشمیم لە با هەڵدەوەرێنێ
ئەم سەفەرە ...
باغەوانێکی دارسێو لێتۆراو بوبەنیشاندەر و
دەنکە هەنارییە مناڵییەکانمی و
لایەلایەی سێیەری سپیندارى لێکردم
بە رامانێکی شەکەتر
لە مەغریبیانی ماچ
سەفەر... سەمایەکـی بێ جولەیە
لەگەڵ هەور و وەنەوشە
سەفەر... فرۆشگایەکی دۆڵەمەنترە لە چاو
رامان دەکرێ و
خۆشبەختی دەفرۆشێتە پیاوە کورتەکانی گۆرستان!
سەفەر... تاریکترین ساتە لە بازنەیەکی رۆشەن
سەفەر ... بەر جەستەکردنی زاکیرەی دووکەڵە
لە ساتی تەرم شوشتندا ...

2002 ئەلمانیا